# نوێگەری و یاخیبوون لەژێر کەپری مرۆڤبووندا

ناڵە حەسەن

جەلالی میرزا کەریم، یەکێکە لەو شاعیرانەی لە شەستەکان و حەفتاکان لەنێو ئەدەب و شیعری کوردیدا ناوێکی گەش و درەوشاوە بووە. ئەو شاعیرە بە جیهانبینییەکی نوێ و بە پاشخانێکی قووڵی مەعریفییەوە شیعری نووسیوە. کەسێک بووە لەنێو خێزانێکی خوێندەوار و ڕۆشنبیر چاوی هەڵێناوە و گەورەبووە.

لەماڵەکەیاندا کتێبخانەیەک هەبووە کە گۆران ناوی ناوە کتێبخانەی (بیری نوێ)، ئەمە وای لێ کردبوو ئاسۆی بیرکردنەوە و بینینەکانی فراوانتر و بەرینتر بن کە ئەوەش خاڵێکی گرینگە لە ئەزموون و ژیانی ئەودا، چونکە یەکێک لە مەرج و خەسڵەتەکانی ڕۆشنبیر ئەوەیە بەردەوام لەگەڵ کتێب بژی و کتێب بخوێنێتەوە. لەم ڕێگەیەوە توانی توانایی شاراوەکانی خۆی بدۆزێتەوە و پەرەیان پێ بدات، بۆیە هەر لە تەمەنی گەنجێتییەوە دەستی بە نووسینی شیعر کردووە. بۆ دەربڕینی هەست و سۆزە پەنگخواردووەکەی نێو ناخ و دەروونە پڕ لە خۆزگە جوانەکانی شیعری نووسیوە. هەر لە سەرەتاوە لەنێو شیعرەکانیدا بەهای مرۆڤایەتی بۆ گرێدانی دەزووی هاوکێشەکان بەیەکەوە وەکوو هێڵێک دەردەکەوت، هەرچەندە خۆیشی لە شوێنێک لەنێو ڕۆمانی (خانەقای میرزا)دا دەڵێ، (لەبری چەک بۆ دەستەبەرکردنی نان و ئازادی شیعرم دەنووسی)، بۆیە ئەویش وەک زۆر لە شاعیرانی سەردەمی خۆی، لەو دیدگایەوە شیعرییان نووسیوە، کەوا شیعر هەم هۆکار، هەم ئامانجیش بووە، بەڵام بە ڕوحێکی مرۆڤدۆستانە و ژیاندۆستانەوە نووسیویەتی.

جەلالی میرزا کەریم بۆ ئەوە شیعری نووسیوە کە لەپاڵ دەربڕینی هەست و سۆزی گەنجانەی خۆی، ویستوویەتی بەرگری لە ماف و ئازادییەکانی مرۆڤیش بکات، چونکە بەهۆی بیروباوەڕ و ئایدیۆلۆژیایەکەی، پیرۆزی و بەهای مرۆڤ لە سەرووی هەموو پیرۆزییەکان و بەهاکاندا بووە، بۆیە بەهۆی ئەم پاشخانە مەعریفییەی هەمیشە لەنێو شاعیرانی سەردەمی خۆیدا شاعیرێکی بیرتیژ و جیاواز بووە، خەمی گەورەی بۆ شیعر و داهێنان هەبووە، هەرچەندە لەم بارەوە بەخت هاوشان و یاوەری

نەبووە، چونکە بەهۆی چالاکییە سیاسییەکانی دووجار دەفتەرە شیعرییەکانی فەوتاون و لە دەستی داون، تەنانەت یەکێکیان بەناوی (کاروانی وشەی ڕاچەنیو) لە ساڵی ١٩٧٤دا ئامادەی کردووە بۆ چاپ و داویەتی بە چاپخانە، بەڵام لەبەر هۆکار و بارودۆخێکی تایبەت نەیتوانیوە چاپی بکات، دواتر شار بەجێ دەهێڵێ و ڕوودەکاتە شاخ و دەبێ بە پێشمەرگە.


جەلالی میرزا کەریم وەک کەسێکی یاخی هەمیشە لە هەوڵ و خەمی نوێگەریدا بووە، چونکە کەسی نوێگەر خۆی لەخۆیدا کەسێکی یاخیشە، یاخی و ناڕازی بەو ئەدەبەی کە هەیە، بۆیە هەمیشە لە هەوڵی ئەوەدا بووە گۆمە وەستاوەکانی شیعر و ئەدەب بشڵەقێنێ.

بۆ ئەم مەبەستە بەردەوام لە شاعیرانی نوێخواز و بەرچاو ڕووناک نزیک بووەتەوە، لە گەڵیاندا لە گفتوگۆ و ڕا گۆڕینەوەدا بووە، لەبارەی فۆڕم و ستایل و زمان و دیدی نوێ بۆ شیعر و داهێنان قسەی لەگەڵ کردوون.

لەگەڵ شاعیرانی هاوچەرخی عەرەبی لەنزیکەوە ئاشنایەتی و هاوڕێیەتی پەیدا کردووە، لەوانە (بەدر شاکر سەیاب و نازک مەلائیکە و عەبدولوەهاب بەیاتی و..)، کتێبە شیعرییەکانیان دەخوێنێتەوە. سوودی زۆر لە زمانی شیعری و تەکنیک و فۆڕم و ستایلەکانیان دەبینێت، بە ڕادەیەک لاساییان دەکاتەوە، هەوڵ دەدات وەکوو ئەوان بە ستایلی نوێ شیعر بنووسێت.

لەنێو شاعیرانی کوردیش زۆر سەرسام دەبێ بە (فایەق بێکەس و قانیع و گۆران و هەردی) لە هەمووشیان زیاتر بە گۆران سەرسام بووە.

لە نزیکەوە گۆران دەناسێ و بەردەوام هاتوچۆی دەکات، هەمیشە گوێ لە ئامۆژگاری و قسەکانی دەگرێت و بەردەوام شیعرەکانی



جەلالی میرزا کەریم

دەخوێنێتەوە، زۆرجاران گۆران خۆی شیعرە نوێیەکانی خۆی بۆ دەخوێنێتەوە. هەموو جار لەگەڵ شاعیرە عەرەبەکان، بە تایبەتیش لەگەڵ گۆران باسی نوێگەری و دیدی نوێ دەکەن. قسەوباس لەبارەی کاریگەری حزب و ئایدیۆلۆژیا بەسەر ئەدەب و شیعر و لایەنە نێگەتیڤەکانی و بابەتی تر دەکەن.

جەلالی میرزا کەریم بە قسەیەکی بەدر شاکر سەیاب زۆر سەرسام دەبێت کە دەڵێت (کاتێک شاعیر تەوقی ئایدیۆلۆژیایەک دەکاتە ملی، ئیدی دەبێت بە چاوی حزب ببینێت و بە عەقڵی حزب بڕوانێت..!) لەم بارەیەوە عەبدولوەهاب بەیاتی و (گۆران)یش هەمان بیروڕایان دەبێ، ئەوان باسی ئەوەی بۆ دەکەن کە چۆن لەلایەن سەرکردایەتی حزبەکەیان سەرزەنشت کراون، تەنانەت گۆران باسی ئەوەی بۆ دەکات کاتێک لە مۆسکۆ بووە لەبارەی شیعری (کانییەکی ڕوونی بەرتریفەی مانگە شەو...) لێپرسینەوەی لەگەڵدا کراوە، هەروەها

جەلال میرزا کەریم خۆیشی لەبارەی شیعری (ڕوانینەکانی چاوی شەقام)، کە یەکێکە لە شیعرە ناوازەکانی، بەهۆی ئەو نائومێدی و بێزارییەی لە شیعرەکەدا دەریبڕیوە، هەندێک لە هاوڕێکانی بەوە تۆمەتباریان کردووە کەوا (لە حزب و شۆڕشەکەیان) نائومێد بووە!، ئەمانە و چەندان نموونە و ڕاستی تر کە ڕووی نێگەتیڤی ئایدیۆلۆژیا وەک هێزێکی دەرەکی بەسەر ئەدەب و شیعرەوە پیشان دەدات.

ئیدی جەلالی میرزا کەریم وردە وردە لەژێر کاریگەری بیرە نوێیەکانی و گۆڕانی بیرکردنەوەی بۆ دنیای ئەدەب و شیعر، لەوە تێ دەگات کەوا ئەدەب و شیعر، ئەو ڕووبەرە فراوان و کراوەیەن کە ناکەونە ژێر کاریگەری هیچ هێزێکی دەرەکییەوە، کە ناتوانین لەنێو بازنە و لە چوارچێوەی هیچ ئایدیۆلۆژیایەک ڕووبەرەکەیان بچووک بکەینەوە، یان لەژێر ڕۆشنایی ئەم بیرکردنەوانە، تەوقی ئایدیۆلۆژیا لە گەردنی خۆی دەکاتەوە، چونکە پێی وابوو شیعر پێکهاتەیەکە لە جوانی و بوونێکی ڕێژەیی و کراوەی هەیە، جووڵەکانی لەژێر کاریگەری و مەیلی مرۆڤبوون و بەها مرۆڤایەتییەکاندا دەبن.

بە مانایەکی تر شیعر و ئەدەب لەگەڵ بەهای جوانی و ژیان و خەونەکانی مرۆڤ تەریبن، ئیدی لە ناوەڕاستی شەستەکاندا کە بۆ دواجار لە زیندان ئازاد دەبێ، بەسەر وێرانەیەکدا دەکەوێت، لەلایەک لە دەستدانی دایکی و لەلایەکی تریش لەدەستدانی خۆشەویستەکەی، لەوەوە تووشی نائومێدییەکی گەورە و داڕووخانی دەروونی دەبێت، دوای ئەم مێژووە وردە وردە لەژێر ڕۆشنایی پاشخانە مەعریفییەکەی بە بڕیارێک دەگات کە لە ژیانی سیاسی و ئایدیۆلۆژیی دوور بکەوێتەوە، ژیانی بۆ شیعر و داهێنان و کاری ڕۆژنامەگەری تەرخان بکات. لە یەکەم هەنگاویدا، بۆ وەڵامدانەوەی ئەو بارە چەقبەستووەی ئەو سەردەمە و ئیشکردن بە زمان و ستایل و فۆرمێکی نوێ، بیرۆکەی ڕوانگەی لەلا گەڵاڵە دەبێ و هەوڵ دەدات بیرۆکە نوێیەکانی خاوەندارێتی بۆ پەیدا بکات و لە ئەنجامدا لە گەڵ کۆمەڵێک لە هاوڕێکانی، لە سەرەتای ساڵانی حەفتاوە گرووپی (ڕوانگە)، وەک هەوڵێک و دید و ڕوانگەیەکی نوێ بۆ شیعر و ئەدەب ڕابگەیەنن.

ئەو نووسەر و شاعیرانەی لە بەیاننامەی ڕوانگەدا ناویان هاتبوو، (حسێن عارف، جەلالی میرزا کەریم، کاکەمەم بۆتانی، کەمال ڕەئووف محەمەد، جەمال شاربازێڕی، شێرکۆ بێکەس)، هاوکات بەیاننامەکەش جەلالی میرزا کەریم خۆی دەینووسێت و لە یەکێک لە ژمارەکانی ڕۆژنامەی هاوکاری بڵاودەبێتەوە، هەروەک شێرکۆ بێکەس لە کتێبی (ڕووبەڕوو لە سێبەری چیادا) لەبارەی ڕوانگەوە دەڵێت، (بانگەوازی ڕوانگە لەگەڵ هەموو تێبینی و ڕەخنەیەکیش، خۆی لە خۆیدا نیشانەی وشیارییەکی ئەدەبی و هەنگاوێکی هاوچەرخانەی پێشکەوتووخوازانە بوو، ساڵانی شەستەکان ئەدەبی کوردی وەک بەستەڵەک بەستبووی، (ڕوانگە) بانگەوازێک بوو بۆ شکاندنی ئەو بەستەڵەکە، بۆ ڕاچڵەکینێکی ئەدەبی و بۆ شکاندنی ئەو کۆت و پێوەندە تەقلیدی و سواوانەی کە چووبوونە ملی زمانی کوردییەوە و ڕێی لە تەقینەوەی بەهرەیان گرتبوو، هاوارێ بوو بۆ ڕزگاربوون لە ئەدەبی وەزیفی و دۆزینەوەی شکڵە جوان و ناواخنە بە برشتەکان..).

جەلالی میرزا کەریم بەم دیدە هاوچەرخانەیە، بەم ڕچە شکێنییەوە لەژێر پەرچەمی (ئاڵای) مرۆڤبوون و بەهای جوانییەوە درێژە بە نووسینی

شـیعر دەدات، هـەروەک دەبینیـن لـە دوابەشـی شـیعری (ڕازێکـی دەروون)دا دەڵێـت:

**تۆ مرۆڤیت، بڵندە جێت**
**چەند بە ژان بێ ژینی دوێنێت**
**ئەمڕۆ ئازاد، ملی ڕێگات**
**بگرە بەرەو دونیای هیوات**
**ئەوسا هەر وێنەی ڕووی دوێنێت**
**هەزار و یەک ڕەنگ ئەنوێنێت**
**باخی وشکی زەردی سیسبوو**
**بە دەریای گوڵ ئەنەخشێنێ**
**بە هەزاران وتەی نووستوو**
**لە خەوی قورس هەڵئەسێنێ**
**پەلە هەوری ڕەشی سینگت**
**دێتە ڕەوینەوە و نەمان**
**لێڵی گۆمی خولیای مەنگت**
**ڕوون ئەبێتەوە گەش و جوان**
**تێدەگەیت کێیت**
**بۆچی دەژیت، کامەیە جێت**
**بەرەو کوێیە هەنگاوی ڕێت**
**تێدەگەیت کێیت!**

ئـەم شیعرەی لـە ژمـارە ٤ی گۆڤـاری (تووتـن)، لە سـاڵی ١٩٧٠ بڵاوکردووەتـەوە، ئەگـەر لـەم شـیعرە ورد بینــەوە، هەرچەنــدە لەســەرەتای شـیعرەکەوە نائومێدییەکـی گـەورەی بەرجەسـتە کـردووە، بـەڵام لـە کۆتاییـدا دەبینیـن بـە چ دیدێکـی گـەورە و مەزنـەوە لـە مـرۆڤ دەڕوانێـت؟، بیـری ئـەوەی مرۆڤ شایسـتەیە بـە هەمـوو جوانـی و بەختەوەرییـەک.

پیرۆزیــی مــرۆڤ لــە ســەرووی هەمــوو پیرۆزییەکانەوەیـە، ئەوەتـا بـە ڕوونـی دەڵێـت (تـۆ مرۆڤـی بڵنـدە جێـت!)، هـاوکات ئـەوەش دەڵـێ کـە هەرچەنـدە ژیـان پڕبێـت لـە مەینـەت و ئێش و ناسۆر و ئـازار، بـەڵام دەبـێ مـرۆڤ بـە ئومێـدی گـەورەوە بژیـت و لەپێنـاو خەونـە جوانەکانـی لـە ڕۆیشـتن بـەردەوام بێـت و دەسـت لەهیواکانـی بەرنـەدات، هەمیشــە بــەرەو ئومێـد و خۆزگـەکان ملـی هیـوا بگرێـت ئیـدی کۆتایـی شـیعرەکە، بـە پرسـیارێکی گـەورە دادەخـات و دەڵێـت (بۆچـی دەژیت، کامەیـە جێـت، بـەرەو کێیـە هەنـگاوی ڕێـت، تێئەگەیـت کێیـت؟!). لـە هەنـاوی ئـەم پرسـیارەدا لـەوە دەگەین کـە مـرۆڤ و ژیـان، چ بەهایەکـی جـوان و پیرۆزیـان هەیـە، هـاوکات لـەوەش تـێ دەگەیـن کـە هەمـوو پرسـیارێکی گـەورە، گومانێکـی گـەورەی لـە پشـتە و هەمـوو گومانێکـی گـەورەش، مەعریفەیەکـی قووڵـی لـە پشـتە..!

جەلالـی میـرزا کەریـم لـەم شـیعرە و لـە زۆر لـە شـیعرەکانی دیکـەی نموونـەی بـەرزی مرۆڤبوونمان بـۆ وێنـا دەکات، وەک سۆفسـتاییەکان کـە پێیـان وابـوو (بوونـی خـودا لە هەمـوو شـتێکی گەردووندا بوونـی هەیـە، یـان جەوهـەری هـەر بوونەوەرێـک بەشـێک لـە سـیفاتی یەزدانـی تێدایـە..!)، لای (جەلالـی میـرزا کەریم)یش هەمـوو مرۆڤێـک بڕێـک لـە جوانـی تێدایـە و بەهـای جوانییـەکان لەنێـو بەهـا مرۆڤایەتییەکانـدا مانـا پەیـدا دەکـەن، بۆیـە هەمیشـە لـە هەوڵـی نووسـینەوەی ئـەو جوانیانـەدا بـوو کـە بـە بەهـای مرۆڤبوونەوە ڕەنگڕێـژ کرابوون. دیوێکـی تـری ئەزموونـی ئـەم شاعیرەمان بریتییـە لـە ڕوانگـەی نوێگـەری، هـەروەک لـە شـیعری (ژانی ڕۆژانـی هۆنـراوە)دا دەڵێـت:

**هاتووم چەپکێ وشەی ئاگر**
**لەسەر گۆڕی شیعر دانێم**
**هاتووم بڵێم**
**باوەگوڕگوڕ**
**کوانێ ئاڵا؟**
**کوانێ شیعر؟**
**هاتووم لەنێو شیعرەکانی شێخ ڕەزادا**
**یاخیبوونی وشە فێربم**

**لەناو جۆگەی هەنسکی گاوریاغیدا**
**لە خوێن تێریم**
**هاتووم لەبەر خۆری چلەی**
**شۆڕیجەدا**
**لەبەر وشەی**
**سووتاندنی تاڵ تاڵ وشەی ئەگریجەدا**
**کوێریم کوێریم**
**نەخێر هاتووم شیعر فێریم!**

ئەگەر لەناوەڕۆکی ئەم شیعرە ورد بینەوە، دەبینین لەبەردەم شاعیرێکی گەورەی بیرتیژ و خەیاڵ قووڵ و خودان مەعریفەیەکی گەورەدا خۆمان دەبینینەوە!، جارێ تۆ لەو هەستە نەتەوەیییە بێگەردە گەڕێ، لەبارەی شارە جوانەکەی کەرکووک و شوناس و پارچە پارچەبوون و برینی نیشتمان و نەتەوەیەک! با ئەم دوو سێ دێڕە بخوێنینەوە کە دەڵێ (هاتووم چەپکێ وشەی ئاگر، لەسەر گۆڕی شیعر دانێم، لەدواییدا دەڵێ، کوێریم کوێریم، نەخێر هاتووم شیعر فێریم!).

دە سەیر کەن، شاعیرێک لە نێو شاعیرە یاخی و نوێگەر و هاوچەرخەکانی سەردەمی خۆی لە ریزبەندی پێشەوەیە و شاعیرێک هاوڕێی (سەیاب و نازک مەلائیکە و بەیاتی و گۆران) بێ، هەرخۆی بەیاننامەی گرووپی ڕوانگەی نووسیبێ، خەونی داهێنان و نوێگەری یەکێک بێت لە گەورەترین خەونەکانی، کەچی پێمان بڵێ، (هاتووم شیعر فێریم!!)، ئەوە ئاسۆ و بیرکردنەوە قووڵەکانی ئەو شاعیرەمان پیشان دەدات کە چۆن لە شیعر و داهێنان گەیشتووە، لەوەی کە شیعر و داهێنان دوو چەمکی گەردوونین، لە ڕووبەرێکی هێندە فراوان ئیش دەکەن کە هەرچەندە مرۆڤەکان داهێنانی گەورەش بکەن، ناگەن بە خاڵی کۆتایی و ڕووبەری داهێنان هەر بەرین و بەرینتر دەبێتەوە، واتە هەرچەند شاعیر داهێنانی گەورەش بکات، هەردەبێ لە هەوڵەکانی بۆ ڕۆیشتن بەرەو هەورازە بڵندەکان بەردەوام بێت! لێرەدا قسە بەناوبانگەی (سوکرات)مان بیر دەهێنێتەوە کە دەڵێ (مرۆڤی عاقڵ ئەو کەسەیە کە ئەوە بزانێ کە هیچ نازانێ!)، بەمانای هەمیشە دەبێ مرۆڤ بۆ زانین و فێربوون و داهێنان لە هەوڵەکانی بەردەوام بێت.

لەلایەکی ترەوە سەرەتای شیعرەکەی بەوە دەست پێ دەکات و دەڵێت (هاتووم چەپکێ وشەی ئاگر، لەسەر گۆڕی شیعر دانێم!!)، لێرەدا بۆ داهێنان و نوێگەری هەست بەو هاوارە قووڵە دەکەین، هەستێکی قووڵی شاعیرێکی یاخی، ئەوە دەخوێنینەوە کە نوێگەری لەنێو خەیاڵ و بیرکردنەوەکانی ئەودا پرۆژەیەکی گەورە بووە، هاوارێکی دژ بەو بەستەڵەک و گۆمە وەستاوەی سەردەمی خۆی، ئەوەتا بە ئاشکرا دەڵێت (هاتووم چەپکێ وشەی ئاگر، لەسەر گۆڕی شیعر دانێم!)، واتە شیعر جەستەیەکی مردووە، ئەو دەیەوێت بە چەپکێ وشەی ئاگراوی و بە زمانێکی گەرم و نوێوە زیندووی بکاتەوە!، بۆیە دەبێ فێربێت بە دید و بیری نوێوە شیعر بنووسێت، باوی زمان و دەستەواژە و فۆرم و ستایلی سواو و کۆن نەماوە، هەربۆیە شێرکۆ بێکەس لە (ڕووبەڕوو لە سێبەری چیادا) لەبارەی ئەو شاعیرە نوێخوازەدا دەڵێت، (جەلالی میرزا کەریم شاعیرێکی بە توانا و تازەکەرەوە بوو، ئەو شیعرانەی لە سەردەمێکدا لە ڕۆژنامەی هاوکاری و گۆڤاری (بەیان)دا بڵاوی دەکردنەوە، تام و بۆنی خۆیان و درەوشانەوەیان دیار و لەبەرچاو بوو..).

ئەوە قسەی شاعیرێکی سەردەمی خۆیەتی و یەکێکە لە شاعیرە داهێنەر و گەورەکانی ئێمە، ئەم قسانەی شێرکۆ بێکەس پاڵپشت

و گەواهیدەری قسە و بیرکردنەوەکانی ئێمەن لەبارەی ئەو شاعیرە ئازیزەمان. زۆرجار لەنێو شیعرەکانی جەلالی میرزا کەریم، نائومێدییەکی گەورەمان بەرچاو دەکەوێت، بەڵام نائومێدییەکەی ناگاتە ئاستی ڕەشبینی و پووچگەرایی، چونکە لە ڕەشبینیدا مرۆڤ دەگاتە دواخاڵی ئومێد، بوون و نەبوونی خۆی لەژیان وەکوو یەک دەبینێ، وای دەبینێ ژیان ئەوە ناهێنێ بۆی بژیت!، بەڵام نائومێدییەکانی جەلالی میرزا کەریم لەم گۆشەنیگا پووچگەراییەوە نییە، تەنیا وەک شاعیرێکی جواننووس دێت ناخ و خەمەکانی خۆی ڕاستگۆیانە دەنووسێتەوە، هەمیشەش لە پشتی نائومێدییەکانییەوە، ئومێدێکی گەورە و لەنێو شەوەزەنگە تاریکەکانیشدا تیشکی خۆرێکی گەشمان پیشان دەدات! هەروەک لە شیعری (ڕوانینەکانی چاوی شەقام)ـەوە دەیبینین کە سەرەتا بەوە دەست پێ دەکات و دەڵێت:

**چاوی شەقام**

**هۆن هۆن نیگای ئاگری باڵی کاروانمان**

**مەرگی بەهاری ئاسۆ دائەبارێنێ**

**هۆنراوەی زام**

**تاڵ تاڵ چڵی خوێنی وشەی سەربڕاومان**

**لە ڕێژنە و تاوی هەناسەی ژاڵە و بیدا ئەچێنێ**

ئیدی لەناو ئەو نائومێدییە گەورەیەدا هیوا لەدەست نادات و لە هەوڵەکانی بەردەوام دەبێت و ورە بەرنادات، لە ڕۆیشتنەکانی بەرەو گەیشتن بە ئامانج و خەونە جوان و ڕەنگینەکانی بەردەوام دەبێت، بە پێچەوانەی مرۆڤە ڕەشبینەکان کە وابکات، دەست لە ژیان بەربدات و بیر لە خۆکوشتن بکاتەوە و پێی وابێت ژیان ئەوە ناهێنێ کە بۆی بژیت. وەک ئەوەی ئەلبێر کامو لە کتێبی (ئەفسانەی سیزیف) باس لەو ڕەشبینی و پووچگەراییە دەکات و هاوکات، هەر لە سەرەتای کتێبەکە لە ژێر ناوونیشانی (پووچی و خۆکوشتن)دا دەڵێت (ڕاستییەکەی بە تەنیا یەک کێشەی فەلسەفی هەیە کە ئەویش کێشەی خۆکوشتنە. بڕیاردان لەسەر ئەوەی کە ژیان شایانی ئەوەیە بیگوزەرێنین..!؟).

بە پێچەوانەوە ئەو شاعیرەمان ژیان و مرۆڤ لە ئاستێکی بەرز و پیرۆزدا دەبینێت و هەمیشە بۆ جوانکردنی ژیان لە کۆشش و جووڵەدا دەبێت، پرسیارێکی لەو چەشنەی بە خەیاڵدا نایەت و (نیتشە)بیانە بە هێزێکی گەورەوە دەست بە لچکە کراسی ژیانەوە دەگرێت و بە کۆڵێ ئومێدەوە ملی ڕێگەی هەورازە سەختەکانی ژیان دەگرێتەبەر! هەروەک لە کۆتایی ئەم شیعرەیدا دەڵێ:

**من نەهاتووم، ماچ کەن زامم**

**پەنایدەن نەڕەی پەیامم**

**من وا هاتووم**

**گەرووی وشکی چەکەکانتان**

**لە کارێزەی زامی قووڵما لە خوێن تێرکەن**

**من واهاتووم منداڵانتان**

**بە ئەلف و بێی شۆڕش فێرکەن!**

ئەم شیعرەی لە ژمارە ٨ی گۆڤاری بەیان، لە ساڵی ١٩٧٣دا بڵاوکردووەتەوە.

دەبینین لە کۆتایی شیعرەکەدا چۆن دەست لەژیان بەرنادات و هەمیشە چرۆی هیواو ئومێدەکانی گەش و گەشتر دەبنەوە، چونکە ئومێدێکی گەورەی بە تێکۆشان و شۆڕش لەپێناو ئازادی و ژیانێکی باشتر هەیە، هەمیشەش نەوەیەکی نوێ لەسەر ئەم بیروباوەڕە سەوز و بەهارییەی خۆی ڕادەهێنێ، بۆیە لەکۆتاییدا دەڵێت (من وا هاتووم منداڵانتان، بە ئەلف و بێی شۆڕش فێرکەن!).

دەبینین نەک تەنیا لەو شیعرەدا، بەڵکوو لە

زۆربەی لە شیعرەکانی تریشدا بەم هەستەوە شیعرەکانی نووسیوە، بۆ نموونە لە شیعری (پرسیار بۆ هاتنی گۆدۆ) و شیعری (ڕازێکی دەروون) دەبینین بە هەمان شێوە، لە سەرەتا و ناوەڕۆکدا بەنێو ناخی نائومێدیدا شۆڕدەبێتەوە و لە کۆتاییشدا ئومێد و ئاسۆیەکی گەش و ڕوونمان دەخاتە بەردەم!. بابەتێکی تر لەنێو ئەزموون و شیعرەکانی جەلالی میرزا کەریم بە ڕوونی هەستی پێ دەکرێت، ئەویش هەستێکی قووڵە بۆ عەشق، عەشق تابلۆیەکی ڕەشە و بە ڕەنگە غەمگینەکان نەخشێنراون، عەشقێکی ناکام و کۆتاییەکی مەرگاوی و تراژیدی.

(جەلالی میرزا کەریم لە هەرەتی لاویدا عاشقی کچە شۆخ و شەنگێکی گەڕەکەکەیان دەبێت، چەندان شیعری جوان و ناسکی بۆ دەنووسێت، بە ئەندازەیەک هۆگری دولبەرەکەی دەبێت تا ئاستی شەیدایی و شێتبوون، بەڵام لەئاکامدا عەشقەکەیان بە مەرگ کۆتایی دێت و ئەویندارەکەی لەتاو دەستدرێژییەکانی پیاوانی ڕژێمی بەعس ئاگر لەخۆی بەردەدات و گیانی خۆی لەپێناو عەشقەکەی دەبەخشێت).

ئەم داستانە تراژیدییە لەنێو خەیاڵ و دەروونی (جەلال میرزا کەریم)دا دەمێنێتەوە و دەبێتە هەوێنی چەندان شیعری خەمناک و بە وشەی چاو بەفرمێسک تەعبیر لەناخە وێران و شەقاربووەکەی خۆی دەکات، هەروەک لە شیعری (ناوونیشانی یادێکی کۆچکردوو)دا دەڵێت:

**گیانە کاتێ تۆم جێ هێڵا**
**دارمێوەکان**
**هێشووە بەرسیلەی فرمێسکیان**
**زەرد نەببوو**
**سەوڵی برژانگی چاوەکان**
**لە گێژاوی ون و لێڵا**
**کلی زەماوەندی نوێیان**
**نەڕشتبوو**
**هێشتا جریوەی مەلەکان**
**لە سێبەری گەڵا و چڵا**
**هێلانەی بێشکەی نەورۆزیان**
**نە چنیبوو!**

چ هەستێکی خەمناک و چ ئازارێکی بەسۆ و خەیاڵێکی پڕ لە میحنەت لەنێو وشە و دەستەواژە و خەیاڵەکان دەبینرێ، چ ژانێکی بەردەوام و بێکۆتا، چ برینێکی قووڵ، هەست پێ دەکرێت! کاتێ جێی هێشت هێشتا هێشووە ترێی بەرسیلەی فرمێسکییان زەرد نەبووبوو، چ دەربڕینێکی ناسک و شاعیرانەیە، چ دەستەواژەیەکی جوان و پڕاوپڕە لە شیعرییەت، فرمێسکی هێشووە بەرسیلەکان ئەوکات سەوزبوون هێشتا زەرد نەبووبوون، هێشتا جریوەی مەلەکان، لە سێبەری گەڵا و چڵا، هێلانەی بێشکەی نەورۆزیان نەچنیبوو، واتە گوڵی عەشقەکەیان هەر خونچە بوو، مەلەکان هێلانەی بێشکەیەکی نوێیان نەچنیبوو، بێشکەی نەورۆز بەمانای بێشکەیەکی نوێ وێنای دەکات، جەلالی میرزا کەریم لەو شیعرەیدا باسی ئەو زەمەنەمان بۆ دەکات کە لەسەرەتای شەستەکان دەگیرێت و ڕەوانەی زیندان دەکرێت بۆ ماوەی دوو ساڵێک لە زیندان دەمێنێتەوە و دوور لە بەهاری دولبەری دەبێت، مەبەستی لەو جێهێشتنەیە کە بەهۆی زیندانەوە لێی دوور دەکەوێتەوە!، بەڵام کە دەگەڕێتەوە، ئیدی جەستەی بەهار وەک خەڵووزێکی ڕەش بە سووتاوی دەبینێت، بۆیە لەکۆتایی ئەم شیعرەدا دەڵێت:

**تۆم جێ هێشت و**
**سەرەتای ئەم جێ هێڵانە**
**لای من گیانە**
**پڕ گریانە**

**پڕ سووتانە**
**پڕ هەڵسانە**
**پڕ لە تەوری خوێن وەشانە**
**پڕ لە هەڵۆی ئەشکەوت زانە**
**پڕ هۆنراوەی سەرگەردانە**
**پڕ عیشقی تۆی کوردستانە!**

هەرچەند لە ساڵی ١٩٩١ ئەم شیعرەی نووسیوە، بەڵام بە خەیاڵێکی نۆستالیژیایی باسی ڕابوردوو دەکات، ئەو زەمەنەی کە بۆ دواهەمین جار بەهار جێ دەهێڵێت کە دەگەڕێتەوە بەچاوەکانی خۆی مەرگی مەعشووقەکەی دەبینێت و بۆ تاهەتایە لەگەڵ ئەم سووتان و فرمێسک ڕشتن و برینە بەسۆیە دەمێنێتەوە، ئیتر لەتاو غەریبی و دووری نیشتمان ئەم عەشقەی تێکەڵ بە عەشقی کوردستان دەکات و بە دڵێکی پڕ ناسۆرەوە دەڵێت، سەرەتای ئەم جێ هێشتنەم پڕ لە خوێن و مردن و سووتانە، پڕ لە هۆنراوەی غەریب و پڕ لە عیشقی کوردستانە.

ئەگەر لە دیوێکی ترەوە باسی ئەزموون و ژیانی ئەو شاعیرەمان بکەین دەبینین، لەگەڵ ئەوەی شاعیرێکی یاخی و نوێگەر بووە، لە دەورانی خۆی لەنێو ڕووبەری شیعر و داهێناندا کەسێکی ماندوو بووە، بەڵام دەبینین ژیانی پڕ کارەسات و مەینەت بووە، لەبەر هەستی نەتەوەیی و هەستی مرۆڤدۆستییەکەی هەمیشە لەلایەن دوژمنانی گەلەکەمان ڕووبەڕووی ڕاوەدوونان و گرتن و زیندان بووەتەوە، چارەنووسێکی ئازاربەخش و قەدەرێکی غەمگین ڕووبەڕووی بووەتەوە، هەرچەندە زۆر لە نووسەران و شاعیرانی سەردەمی خۆی لەگەڵ هەمان سەختی و ستەم و ناخۆشییەکانی ژیان، ڕۆژەکانی تەمەنیان بەسەربردووە، لەنێو شیعرەکانیاندا هەمیشە دەنگی هاوارێک بیستراوە، هەر بۆیە شیعر هۆکارێک بووە بۆ هەڵوێست نواندن، وەک سەنگەری بەرگری لە ئازادی و مرۆڤ و نیشتمان، بۆیە زۆر لە شیعرەکانی ئەوکاتە و دەیەی حەفتاکان و هەشتاکانیان ناوناوە شیعری بەرگری، یان مقاوەمەت، هەرچەندە من زۆر لەگەڵ ئەم ناولێنان و پۆلێنکردنەدا نیم، چونکە بەلای منەوە (شیعر فۆرمێکی بێدەنگ نییە) و خۆی بە گژ هەموو ئەو شتانەدا دێتەوە کە ژیان ناشیرین دەکەن، واتە بەبێ هیچ ناولێنانێک شیعر بەرگری لە ژیان و بوون و ئازادی مرۆڤەکان دەکات، بۆیە لە شوێنێکی تر گوتوومانە (شیعر زمانی مرۆڤ و گەردوونە!)، جەلالی میرزا کەریم لەنێو شیعرەکانیدا لەو هەستەی بۆ مرۆڤ و ئازادی و نیشتمان بێبەش نەبووە، هەمیشە بەهۆی شیعرەکانییەوە، تەعبیری لەو عەشقەی خۆی بۆ نیشتمان و ژیان و بەهاکانی مرۆڤ و مرۆڤایەتی کردووە، بەتایبەت دوای ساڵی ١٩٧٥ کە بۆ دەرەوەی وڵات کۆچ دەکات و پاشان لە ئەمریکا دەگیرسێتەوە، لەوێ هەستەکانی بەرانبەر عەشق و ژیان و مرۆڤ و نیشتمان گەرمتر و ناسکتر دەبنەوە! هەروەک لە شیعری (پێناسە) دا دەڵێت:

**خۆزگە**
**ئەتانزانی گیانی پرسیارەکانی زیندەگیم چییان پێیە؟**
**خۆزگە**
**ئەتانزانی چاوی هۆنراوەکانی بێدەنگیم چییان پێیە؟**
**شاعیرێکیان**
**تەنیا لەبەر ئەوە خنکان**
**بە نهێنی لەناو دڵیا**
**شیعرێکی وت بۆ کوردستان**
***
**کەچی دوای ئەوەی هەڵواسرا**

**دەیان سێدارە هەڵخرا**
**بۆ ئەوانەی ئەو شیعرەیان**
**کردە قەڵغان لەناو شەڕا**

لە سەرەتای ئەو شیعرەدا، ئەوە پێشان دەدات و پەرۆشی ئەوەیە کە لە پرسیارەکانی ئەو و لە نهێنییەکانی پشت بێدەنگی و ناخی ئەو تێ بگەین، چونکە خۆی دەزانێ لە پشت بێدەنگی پرسیارەکانی ئەو، چ نهێنییەک خۆی حەشارداوە، ئەو خۆزگەی ئەوە دەخوازێ لە قووڵایی هەست و نهێنییەکانی ئەو تێ بگەین، هاوکات هەر لەو شیعرەدا، باس لە دڕندەیی ڕژێمی لەناوچوو دەکات وەک دوژمنی هەموو جوانییەکان و دوژمنی ژیانێکی شایستە بە مرۆڤەکان، کەسێکیان خنکاند تەنیا لەبەر ئەوەی بە نهێنی و لەنێو دڵی خۆیدا شیعرێکی بۆ کوردستان گوت، نەک هەر ئەوەندەش، بەڵکوو دەیان سێدارەش بۆ ئەو کەسانە هەڵخرا کە ئەو شیعرەیان کردە قەڵغان، چ ژیان و مێژوویەکی خوێناوی لەم چەند دێڕە شیعرەدا باس دەکات کە خۆیشی بەشێک لەو ڕۆژگار و مێژووە خوێناوییەی گەلەکەمان بووە، ئیدی لە شیعری (ڕێگا)دا دەڵێت:

**کێ ئەیزانێ؟**
**جانتایەکی خۆڵ لێنیشتووی ماندووی ڕێگای**
**مەڵبەندێکی دووری کەساس**
**ئەگاتە بەردەمی پاسکای تەمی تەکساس**
**ڕەهێڵەی بارانی خۆری**
**تۆزی سەر ڕووی ئەشواتەوە**
**گوێزانی برووسکەی دڕی**
**دوگمەی سینگی ئەکاتەوە**
**کێ ئەیزانێ؟**

لەم کۆپلە شیعرەدا دروستتر و ڕوونتر دێتە سەر باسی ژیان و قەدەری خۆی، دەپرسێ و دەڵێ، کێ ئەیزانێ؟ چارەنووسی ئەو بەو ڕۆژە دەگات و دەبێ لە کیشوەرێکی ئەوپەڕی دنیا و لە ئەمریکا و تەکساس بگیرسێتەوە؟ لە پشتی ئەو پرسیارە دوو وشەییە هەست بەگەورەترین ئازار و قەدەرێکی تورەهات و بێمانا دەکەین، کێ دەیزانێ شاعیرێکی یاخی و نوێخواز کە هەموو ژیانی لەپێناو ژیان و نان و ئازادی مرۆڤدا لەسەر پەتی مەرگ بازی دەدا، شەونخوونی لەپێناوی شیعر و ئەدەبێکی جیاوازدا دەکرد، ئەمڕۆ قەدەری کەوتووەتە کیشوەرێک و مەملەکەتێک جیاوازە لەگەڵ زمان و کولتوور و هەموو شتێکی ئەو، دوور لە دەسەڵاتی خۆی دەبێ ژیان لە غوربەت و ئاوارەیی، دوور لە، ئازیزان و دوور لە نیشتمانەکەی بەسەر ببات.

قەدەری ئەو شاعیرەمان لە ئاوارەیی و غەریبیشدا ژیان یاوەر و هاودەمی نەبووە، بە کارەساتێکی نەخوازراوی ئۆتۆمبێل تووشی ڕووداوێک دەبێت کە بەهۆیەوە دەبێتە مرۆڤێکی نیوە مردوو و لە هەموو خۆشییەکانی ژیان بێبەش دەبێت و لەم غوربەت و دوورییە بەواقیعی لەنێو مردن، ژیان بەسەر دەبات، ئیدی ئەو هەستی غەمگینییەی نێو ژیانی غوربەت و ئەم مردن و ناسۆرییەی نێو دەروون و خەیاڵەکانی کە لە غوربەتدا ژیان چ کارەساتێکە!؟ هەروەک لە شیعری (نەخشەی خەونەکان)دا هەستەکانی خۆی دەردەبڕێ و لە بەشێکی شیعرەکەدا دەڵێت:

**دەنگێکم لە خیابانی کشوماتی**
**مردنا جێم نابێتەوە**
**ئەبێ ئاهی کێوی بێستوون**
**لە دڵما بێ و**
**جارێکی تر خوێنی فەرهاد برژێتەوە**

* * *

هەر لەو شیعرەی لە بەشی کۆتاییدا دەڵێت:

**ئەمەوێ لە ئاوارەیی سۆزی ناڵەی**

گۆرانییەکانی ئێرەدا،
جارێکی تر ڕێگای سەختی
پڕ ئاشووبی ژیانەوە
بگرمەوە
دەروێشێکم
ئەمەویێ لە ڕیسوایی ئەم
شارە خەونی سەرشێتەدا،
کەشکۆڵ و عەسای لێ تووڕ دەم
ئەم جارەیان پرچ و ڕیشی
مەسیحێکی هەڵسانەوە
بهێڵمەوە
هەتا بە ژان، بزە باران
بە مەرگ ژیان
بە ژیلە و گڕ
نەء، بە شیعر
شوناسنامەی گەڕانەوە
لە بناری چۆڕاوگەی تەما
وەرگرمەوە
باوەش بە شێرکۆ بێکەسا بکەمەوە و
تێر تێر بگرین
حوسێن عارف بدۆزمەوە و
تێر هەڵپەڕین!

چ ئازار و مەرگەساتێکە باسی ئەو ژیانە کشومات و بێ جووڵەییەی غوربەت دەکات و دەڵێت (دەنگێکم لە خیابانی کشوماتی مردنا جێم نابێتەوە..!).

ئێمە گوتمان ئەم ژیانی غوربەت و دوورییە بۆ شاعیرێکی نوێگەر و یاخی، داهێنەر و چالاک و بزێو.. مردنە!، ئێستا وا بە ڕوونی باس لەم ژیانە مەرگاوییەی خۆی دەکات، ئەم جۆرە ژیانە لە بێدەنگی و مردنە، بە ڕیسوایی ناو دەبات، وەک ئەوەی لە دەرەوەی جووڵەکانی ژیان دابێت، بۆیە سەرشێتانە مەیلی گەڕانەوە تینی بۆ دێنێ و دەیەوێت کەشکۆڵ و عەسای لێ تووڕ بدات و وەک مەسیحێک جارێکی تر ڕێگەی سەختی پڕ ئاشووبی ژیان بگرێتەوەبەر و لەم بێدەنگی و ژیانە بێ هاوارەدا، بە ژان و بزەی باران، بە ژیلە و گڕ و شیعر پەساپۆرت و شوناسنامەی گەڕانەوە، لە بناری چۆڕاوگەی تەما وەرگرێتەوە و بگەڕێتەوە،! بگەڕێتەوە بۆ نیشتمان و بۆ نێو هەوارگەی شیعر و داهێنان، بگەڕێتەوە و دەست لە ملی شاعیر و نووسەرە هاوڕێکانی بکاتەوە، ئەوانەی لە ڕۆژە سەختەکاندا بەستەڵەکی بێدەنگی شیعر و ئەدەبییان شکاند، بگەڕێتەوە و باوەش بە شێرکۆ بێکەس دا بکاتەوە و بەیەکەوە تێر تێر بگرین، حسێن عارف-یش بدۆزێتەوە و لەنێو ڕووبەری داهێناندا لەگەڵیدا سەما بکات و تێر هەڵپەڕێ..!

ئیدی ئەوە قەدەر و چارەنووس و ژیانی ئەو شاعیرەمان بوو، (جەلالی میرزا کەریم هەر لە غوربەت ژیان بەسەر دەبات تا ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١، دواتر هەر لەو ساڵەدا دەگەڕێتەوە کوردستان و لە هەولێر دەمێنێتەوە، پاشان سەفەرێکی سلێمانی دەکاتەوە و کۆڕێکی شیعری بۆ سازدەدەن، بەڵام خۆی شیعرەکان ناخوێنێتەوە، لە ساڵی ١٩٩٢ کتێبێکی شیعری بەناوی (ڕێگا دوورەکانی چاومان) چاپ دەکات و ئیدی دوای ئەوە مەرگ مۆڵەتی نادات و لە ١٤/١١/ ١٩٩٣ بە نەخۆشی دڵ، لە هەولێر چاوەکانی لێک دەنێ و کۆچی دوایی دەکات!).

لە کۆتاییدا دەمەوێت ئەوە بڵێم: جەلالی میرزا کەریم یەکێکە لە شاعیرە نوێخواز و پڕ داهێنانەکانی قۆناغی شەستەکان و حەفتاکانی شیعری کوردیمان، بەڵام لەگەڵ ئەم هەموو بەخشش و داهێنانەی وەک پێویست لای لێ نەکراوەتە و شیعر و داهێنانەکانی قسەوباسیان

لەبارەوە نەکراون، هەرچەندە لێرە و لەوێ هەندێک هەوڵی جوان لەبارەی ژیان و شیعر و بەرهەکانی نووسراون و بەرهەمەکانی کۆکراونەتەوە و لە دیوانێکی خنجیلانەدا خراونەتە بەر دیدی خوێنەران، بەڵام وەک پێویست و لەئاست داهێنانەکانی ئەم شاعیرە گەورە و داهێنەرەمان نەبوون، لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا من بڕوای تەواوم بەم بۆچوونەی سەباح ڕەنجدەر هەیە کە لە وتاری (قەڵەمکێشی جەلالی میرزا کەریم بە وشە)دا دەڵێت: (شاعیری داهێنەر، ئەگەر سەردەمێکیش بە مەبەست و ئەنقەست پشتگوێ بخرێت، ئەوە مێژووی داهێنان لە ڕۆژ و ڕۆژگار و کاتی پێویستی خۆیدا، زۆر بەهێز و شکۆوە دەیهێنێتەوە ناو ماڵی ڕاستەقینەی ئەدەب، لە تەنیشت گڵۆپی بە شەوق و ڕاستییە ڕوونەکان ڕایدەگرێت..!)، لەنێو ئەم قسانەی سەرەوەدا ڕێک وێنەی جەلالی میرزا کەریم و فەرید زامدار و چەندان نووسەر و شاعیری داهێنەرمان دێنە بەرچاو، کە بێویژدانانە بە هۆکاری نابەجێ و دوور لە مۆراڵی ئینسانی و دوور لە بەهای شیعر و داهێنان و جوانی فەرامۆش کراون، بەڵام ڕۆژێک دادێ مێژوو بیانهێنێتەوە نێو ماڵی ڕاستەقینەکەی ئەدەب و لەبەردەم گڵۆپی بەشەوق و ڕاستییە ڕوونەکان ڕایان بگرێت. ئیدی سڵاو لە داهێنان و بە ئومێدم ڕۆح و گۆڕی جەلالی میرزا کەریم و داهێنەرە کۆچکردووەکانمان پڕ بن لە نوور.


**سەرچاوەکان:**

(١) دیوانی (جەلالی میرزا کەریم)، چاپی یەکەم، ساڵی ٢٠٢٣، ناوەندی بڵاوکردنەوەی کەپر.

(٢) کتێبی (ڕووبەڕوو لە سێبەری چیادا)، پوختەیەک لە ئەزموون و دیدارێکە لەگەڵ (شیرکۆ بێکەس)ی شاعیر، سازدانی: هەڤاڵ کوێستانی، پێداچوونەوەی سەلاحەددین ئاشتی، چاپی دووەم، ساڵی ٢٠٢٢، چاپخانەی سەردەم.

(٣) کتێبی (ئەزموون و شیعری بێگەرد)، گوتار و بیروڕای ئەدەبی، سەباح ڕەنجدەر، چاپی یەکەم، ساڵی ٢٠٢٤، دەزگای موکریانی بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە.

(٤) کتێبی (ئەفسانەی سیزیف)، ئەلبێرت کامو وەرگێڕانی، ئازاد بەرزنجی، چاپی دووەم، ساڵی ٢٠١٥، لە بڵاوکراوەکانی ناوەندی غەزەلنووس.

(٥) کتێبی (وتارگەلی ئەدەبی کوردی سەدەکانی ناوەڕاست و پاشکۆیەک)، م. ب. ڕودینکۆ، وەرگێڕانی لە ڕووسییەوە: ئەنوەر قادر محەمەد، چاپی یەکەم، ساڵی ٢٠٢٠، چاپی تاران.

(٦) ڕۆمانی (خانەقای میرزا)، میران ئەبراهام، چاپی یەکەم، ساڵی ٢٠٢٣، چاپخانەی تاران، لە بڵاوکراوەکانی ناوەندی کەپر.